# وتووێژ لەگەڵ "ئایدا"، هاوسەری "ئەحمەدی شاملوو"ی شاعیر

ئەم گفتوگۆیە لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ساڵی ١٩٦٩ی زاینی، ئەنجام دراوە.

لە فارسییەوە:
شۆڕش غەفووری



**ئەی ئەو ژنەی کە ناشتایی خۆرەتاو لە کراسەکەی تۆدایە! سەرکەوتنی عەشق وەنەسیبت بێت!**

شتێکی وەهای نەماوە تەمەنی ببێتە ٤٠ ساڵ. ئەو کاتە زۆر لەگەڵ ئەحمەد و ئایدا بووم، بۆیە رۆژێکیان بڕیارم دا گفتوگۆیەک ئەنجام بدەم، کە ئەنجامەکەی ئەمەی لێ کەوتەوە. خۆم چاپکراوەکەیم نەبوو، بەڵام وا بزانم لە کۆواری "روشنفکر" بڵاو بووبووەوە. زۆر داوا دەکرا لەگەڵ ئایدادا گفتوگۆ ساز بکەم، چونکە ئایدا تەنیا ژنێک بوو لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی وڵاتەکەماندا، کە ئاگەداری ئەم دێکۆمێنتە مەزنە بوو و پشتیشی بەم دێکۆمێنتەوە قورس و قایمە. ماڵەکەیان لێوڕێژ بوو لە خۆشەویستی و میهرەبانی و راستگۆیی، ماڵێک کە هەر کونج و گۆشەیەکی، بەرهەمێک بوو لە پەنجە ناسک و جوانەکانی ئایدا. لەم ماڵەدا، "شاملوو" باڵاترین پیاوی شیعری ئەوڕۆیی، لەگەڵ ئایدا ژیان بەسەردەبا، هەوای ماڵەکەیان پڕ بوو لە بۆنی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و پاکییەتییان "نەک بۆنی گوڵە سوورەکانی نێو ئینجانەکان".



ئایدا و شاملوو

لە سەر دیواری ژوورێکیان، وێنەیەکی گەورەی ئەحمەد بە چاوانێکی تیژبڕ و روخسارێک کە لە چالاکی لاویەتیی بێ بەهرە نییە،

بەرچاو دەکەوێت، لە ژێر ئەم وێنەیەدا پیاوێک بە روخسارێکی تێکشکاو و بێ هیوا و دڵسارد، کە لە دەستوێڕاگەیشتنی خەم، لۆچەکان لەسەری نەخشێنراون. پیاوێک بە قژە سپی و چاوە تیژبڕەکانی، نێوچاوانی پان و لە تەنیشتییەوە، ئایدای بڵند و کێشراو و گیرۆدەیەک بە قژی رەشەوە.

یەکەم جار؛ چۆن یەکتریتان بینی و چۆن وەها دلۆڤانییەک لە دڵتاندا چەکەرەی کرد؟

«سەرەتا

زەمەنێکی زۆر تێمرِوانی

هەر کە رووم دەوی وەرگێڕا

لە دەوروپشتمدا

هەموو شتێک

وەکو ئەوی لێ هاتبوو».

ئایدا دەڵێ: «هاوسێ بووین، دیوار بەدیوار. هەموو رۆژێک، "ئەحمەد"م دەبینی و بەرلەوەی بە چاوە کاریگەر و دزەکارەکانی، دڵم وەلەرزە بخا، لە رەفتارییەوە شتێکم بۆ دەرکەوت کە ناوێکم بۆ نەدەبینییەوە... بەڵێ، ئیتر بە کورتی بووینە عاشقی یەکتری».

و پێ دەکەنی و کاتێک پێکەنینێکی راستگۆیانە فەزای ژوورەکەی دادەپۆشی، ئەحمەدم دەبینی کە پێکەنین، چاڵەکانی روخسار خەم شێوەکەی داپۆشیوە. رۆژگارێکە دەیانناسم. بە باشی شرۆڤەی ئەوەی کە چ بوونە و چین، چەندین جار لە زووبانی هەردووکیانەوە، بیستوومانە.

ئائیش! ئائیش!

ئەحمەدە کە بانگی "ئایدا" هەڵدەدێرێ. ئەو هەموو کاتێ بەم شێوەیە بانگی دەکا. "ئائیش" یا "ئائیشکا" لەسەر لاپەڕەی یەکەمی "ئایدا، دار و خەنجەر و بیرەوەری"ی دووەمین کتێبی ئەحمەد کە بە ناوی "ئایدا" دەست پێ دەکا، ئەحمەد نووسیویەتی:

بەڵێ، ئائیشکا!

پارساڵ، "ئایدا لە ئاوێنە" و ئەمساڵیش "ئایدا، دار و خەنجەر و بیرەوەری".

«ئەی ئەو ژنەی کە

ناشتایی خۆرەتاو لە کراسەکەی تۆدایە!

سەرکەوتنی عەشق

وەنەسیبت بێت!»

لە لاپەڕەیەکی ئەم کتێبە، وەڵامی ئەو پرسیارەی کە من پرسیم، دراوەتەوە:

«کەوایە،
وەهای بەسەرهات
هاوسێیەتی ماڵ،
ببێتە هاوسێیەتی دڵ،
وا نییە؟»

بەرلەوەی ئایدا بەسەر مەبەستەکەیدا سەرکەوێت و وشەیەک بێژێ، شاملوو درێژەی دەداتێ:

«ئائیش دێتە ماڵەکەمەوە،
واتە بۆ ماڵێک کە
دلۆڤانییەکەی بۆ من بەرهەڤ کرد.»

بێدەنگیی میهرەبانی ژوورەکە دەشکێنم و دەڵێم: «چ کاتێک هەستتان کرد دەبێ پێکەوەبن و بەبێ یەکتریی ناتوانن بژین؟»

ئایدا: من وێنایەکم لە دلۆڤانی و عەشق لە زەیندا نەبوو و نەمدەزانی ئەو شتەی دێتە پێشەوە، چییە، بەڵام هەر ئەوەندەم دەزانی کە ئەو کاتەی لە تەنیشت ئەوەوەم، دەتوانم بیر بکەمەوە کە شتێک بە ناوی جوانی لە دەوروبەرماندا هەیە. ئێمە هەموو ئەو جوانییانەمان هێنایە ماڵەوە و پێکەوە دابەشمان کردن، ئەمەش رێک ئەو کاتە بوو کە هەردووکمان پێویستمان بە بەهایەک هەبوو کە دەستمان پێی راگەیشت و سەردەمی من بوو کە ئەحمەد گوتی:

«بڕۆین ئەی یار،
ئەی بێگانەکەی من!
دەستم بگرە!
قسەی من نەک لە ئازاری ئەو بوو
خۆی لە ئازارێک بوو
کە خودی ئەوە.»

ئایدا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: «هەر لەو کاتەوە بوو کە دەچووین و لە گۆشەیەک

ڕۆدەنیشتین و هیچمان نەدەگوت. چەندین دەمژمێر لە چەند چرکەیەکدا تێ دەپەڕی، بێدەنگیمان بە دەنگی ئەحمەد تێک دەشکا کە شیعرێکی ژێرانلێوی دەخوێندنەوە و لە شیعرەکەی ئەودا بوو کە هەستم دەکرد جگە لە من، من و ئەو... ژیان بەردەوامە.» ئەو نێوان و دوورییەی کە لە نێوانماندا دروست بووە و هەرسێکمان ڕۆچووینەتە نێو بێدەنگییەوە و بیر لە یادەوەرییەک دەکەینەوە:

ڕۆژێکیان لەگەڵ شاملوو، چووینەوە بۆ ماڵیان، ئایدا لە ماڵەوە نەبوو، ئەمەش یەکەم جار بوو کە شاملووم بە دەستوپێ ونکردوویی و واقوڕماویی دەبینی.

ئایش، ئائیشکا!

ئەو وشانەی کە لە دەمی ئەحمەدەوە دێنە دەرێ و لە پەتەوی دەکەوێت و دەگەڕێتەوە، دڵمی دەخستە قەلەقی و دڵەڕاوکێوە.

واتە؛ ئایدا لە کوێیە، بڕۆین

بۆ کوێ؟

نازانم...

کاتێک کە ئایدا هات، بە دەستی پڕ، بە کلیلەکە دەرگەکەی کردەوە، چاوم لە ئەحمەد بڕیبوو. لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، چاوی لە پانییەی دەرگەکە بڕیبوو کە لە پشت سەری ئایدا پێوە دەدرا و ئەمەش تەنیا جارێک بوو کە ئەوەندە بە دەست و پێ ونکردوویی، دەمبینی...

دەنگی "ئایدا"، زنجیرەی بیرەوەرییەکەم لێک دەپچڕێنێ کە دەڵێ:

«چ دەخۆن؟»

ئەحمەد لە ژێر لێوەوە گوتی:

«ئاو!»

کە ئاوەکەی لە دەستی ئایدا وەرگرت، وەها بە تامەزرۆییەوە خواردییەوە، وەک بڵێی دژە ژەهرە.

لە ئایدا دەپرسم: «کاتێک کە ئەحمەد شیعر دەنووسێ، دەکەوێتە چ بارودۆخێکەوە و حاڵی چۆنە؟»

وەڵام دەداتەوە:

«هەر کاتێک ئەحمەد شیعر دەنووسێ، لە دوو سێ ڕۆژ پێشتر وەدیار دەکەوێ، وەک

خـۆشت دەزانـی، دەشـڵـەژێ و وەکـو کـەسـێکی تـەنگەتاو، تێک دەچێ، تا ئـەو کـاتەی شیـعرەکـەی دەنووسێ. ئەو کاتەیە کە هەڵدەستێتەوە و شیـعرەکەی بۆم دەخـوێنێتـەوە، ئەو کاتانە لە بەختـەوەرترین چرکەساتـەکانی ژیانـی ئێمـەن، چونکە ئەحـمـەد ئاسـوودەیە. وەک کەسێک کە کێوی لە بنڕا هێنابێ، رادەکشێ، تاوێکیش هەڵدەستین و دەچینە پیاسە.»

ئەی ئەو کاتەی کە شیعر ناڵێت؟

شاملوو کە بە بێدەنگی دانیشتووە و گوێ لە قسەکانمان دەگرێ، دێتە نێو قسەکانمانەوە و دەڵێ:

«ئەو کاتە، لە بری ئەوەی من دڵگران بم، ئایدا نارەحەت و دڵگرانە.»

هەر بۆ نموونەیش ئەمە دەخوێنێتەوە:

«چەندی بڵێم

ئەمشەو شیعرێک دەنووسم

بە بزەیەکەوە دەچێتە خەوێکی هێمنەوە

لە لێوانێکی هەروەک بەرد

کە بە گۆلاوێک

بوودا و

کە بە نیروانا...»

ئەحمەد وردە وردە لەوە مـاندوو بووە کە دەبینێ پڕ چەک، بە قەڵەم و کاغەزەوە هاتوومەتە مـاڵەکـەیان، دڵگرانە! بە ناچاری قـەڵەم و کـاغـەزەکـەم وەلا دەنێم و دەپرسـم: «ئێسـتـا بە دەر لەو قسانە، ئایدا؛ ئەحمەد لە ژیانی تۆدا چ کاریگەرییەکی راستەوخۆی داناوە؟»

ئایدا سەری شۆڕ کردووەتەوە و بەدوای وشـەدا دەگەڕێ. دەمزانی کە ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسـیـارە بداتـەوە. کـاتێک کـە قـەبارەی واتا زیاتر دەبێ لە قـاپێک، ئیـتـر چ دەگـوترێ؟ ئەحمـەدیش وەکو ئەوەی موشـتـاق و ئاڵۆزکاوە تا وەڵامـەکەی ببیسـتێ، چاوی بڕیوەتە ئایدا، بەڵام....

«دەی ئەحمەد گیان تۆ بڵێ»...

وەکو کەسێکی کارەباگرتوو، سەری بەرز دەکاتەوە کە:

«تکایە، مـەمـخـەرە نێـو تەنگەتاوەوە. ئەو شـتـەی کـە دەبێ بیـڵێم، ئەگـەرچی بە رێژە زۆر بچووکترە، بەڵام لە شیعرەکانمدا ئاماژەم پێ داوە.»

کەواتە بنووسم؟

«ئەحمەد: لەسەر روخساری ژیانم

کە لەسەری

هۆشیار

دەم لە خەمێکی ترسناک دەدا

ئایدا

بزەیەکی بەخشندەیە»

لە نێو ژیانتاندا شتێکتان هەیە؟ ئارەزوویەکتان هەیە؟

ئایدا بە بزەیەکەوە وەڵامم دەداتەوە:

«کەم، نا... لەماڵەکەماندا شتێکمان لە دلۆڤانی کەم نییە و هەر ئەمەش بەسە. کاتێک ئەحمەد لە ماڵەوەیە، هەموو شتێکمان هەیە».

ئارەزوو؟

«ئارەزووش هەر ئەوە، کە خۆزیا هەمووده‌م لە ماڵەوە بێ، مەبەستی لە ئەحمەدی شاملووە، واتە وەکو ئارەزوو تەماشای دەکا و ، ئێستا ئیتر کارەکە زۆری ماندوو دەکا. ئەم کارە قورسەی کۆواریش، نەخۆشی خستووە. دەبینی لاواز بووە».

کاتێک ئەمە دەڵێ، سەرنجی ئەوەش دەدەم کە ماوەیەکە ئایداش لاواز بووە و لۆچێک کە "ئەحمەد" بە لۆچی غرووری دادەنێ، لە خەم، لە سەر روخساری هێڵێکیش کراوە.

بۆچی؟ بۆچی؟ شاعیرێک کە بە "شاعیری ژیان"ی نێو دەبەن و شیعرەکەی شیعری ژیانە، دەڵێ:

«لەوپەڕی حەوتووەکانەوە بەرگوێ دەکەوێ

قسەم لە بەفری کۆنەوە

دەکرد

کە لە مەرگ تێ دەپەڕی...»

کاتێک دەمەوێ لەمانە جوێ ببمەوە، ئایدا دەڵێ: «شەوێکی تر کە هاتی، "بامداد"یش لەگەڵ خۆت بێنە.»، چونکە من کچێکم هەیە ناوی "بامداد"ە.